http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.83

# جینۆسایدی مۆدێرن

تارا عبدالله سعید[1]، تریفە محەمەد فەرەج[2]

1بەشی زمانی کوردی ، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی

2 بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

**پێشەکی**

هەر کە ناوی جینۆساید ئەبرێت ، ئەوکەسەی مچڕکە بە گیانیا نەهات، ئەوە یان ئاگای لە دنیا نیە ، یان بونەوەرێکی بێویژدان و دورە لە هەمو گیانێکی مرۆڤایەتی وگوناهە لە پۆلی مرۆڤ دابنرێت .

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ رونکردنەوەی زۆر لایەنی شاراوە لەو کارەساتە بەدناوە بۆ هۆشیارکردنەوەی نەوەی ئێستا و داهاتو،و سنوردانانێکە بۆ بەردەوامبونی کارەساتەکە ، لەو روانگەیەوە کە تێگەیشتنی پرسیار نیوەی وەڵامە ، هەر کێشەیەک یان کارەساتێک ، ئەگەر بە تێگەیشتنەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت ،ئەوا زیانەکانی کەمتر ئەبێت و بگرە ئاسەوارەکانیشی بنەبڕ دەکرێت ،زانین نیوەی چارەسەرە هەر وەک چۆن دەستنیشانکردنی نەخۆشی لەلایەن پزیشکەوە نیوەی چارەسەرە و دەرمانیش نیوەکەیترێتی .

لەم باسەدا هەوڵدراوە کە سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی جینۆساید بکرێت ،پاشان بەکورتی ئاماژە بۆ جینۆسایدی میللەتی کورد کراوە.

وا بە باش زانرا کە قۆناغەکانی جینۆساید دیاری بکرێت و لەسەر هەر قۆناغێک رونکردنەوەیەکی کورت پێشکەش بکرێت ، ئینجا ناوۆڕۆکی باسەکە دەستپێئەکات کە جینۆسایدی مۆدێرنە ، مەبەستیش ئاماژە کردنە بۆ ئەو دیاردانەی ئەمرۆ لەپێشچاوی هەمو کەسە و بەڵام کەم کەس درکی پێئەکات و ئە کەمانەش کە درکی پێئەکەن ،تارادەیەک بە نامۆیی و هەندێ جاریش بە نەفامی و بێئاگاییانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکەن .

دوا بەشیش ئەو ئەنجامانەن کە نوسەر لە ئەنجامی باسەکەی پێیگەیشتون .دواتر سەچاوەکان ڕیز کراون.

ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایان و مێژونوسان وزانایان پێناسەی جینۆسایدیان کردوە ،بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە وەك ئەو میللەتانە ،کە خۆیان جینۆسایتیان پێکراوە ، بەتەواوی پیناسەی پڕ بە پێستی خۆی بۆ بکان . یەکەمین جینۆسایدی سەدەی بیستەم ساڵی ( ١٩١٥-١٩١٨ ) لەلایەن تورکەوە، بەسەر ئەرمەنییەکاندا ،ئەنجامدرا. ساڵی ( ١٩٨٠ ) شدا ،کارەساتی ئەنفالی بەدناو ،لەلایەن رژێمی ( صدام حسين ) ەوە ،دژی میللەتی کورد ،ئەنجامدرا، کیمیاوی وگازی خەردەل وگازی سارین و ئەعساب و هەندێکی تریش.......

ئەمەو چەندین کارەساتیتری هاوشێوە ، بە درێژایی مێژو ،رویداوە ،هەموی بە ئاشکرا ئەنجامدراون و لەلایەن خەڵکەوە بیستراون و بینراون ،ئەم باسەی ئێمە هەوڵدانێکە بۆ خستنەڕوی ئەو جینۆسایتە هێواش و نەبینراو و نائاشکرایەی لەسەر هەمو مرۆڤی ئەم سەرزەمینە ئەنجامدەدریت .

ئەم جینۆسایدەش چەند جۆرێکە ،جۆرێکیان بە بێئاگایی بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە ،بە پلانێکی زۆر بە زیرەکانە داڕێژراو ،لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە ،جۆرێکیتریان بەئاگاوە لەلایەن سەرۆکی وڵاتە چەوساوەکانەوە بە ناچاری جێبەجێئکرێت .

جۆریکیشیان پلانی وڵاتە خزلهێزەکانە و بەشێوەیاک داڕێژراوە کە خەڵکی وڵاتە قوربانییەکان خۆیان بەبێ ئاگا و بەناچاری جێبەجێی ئەکەن .

ئەو جۆرانەی ئاماژەمان بۆکردن و چەندین جۆریتریش لە جینۆسایدی مۆدێرن ، ئەمڕۆ بەسەر هەمو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردوستان بە تایبەتیدا ،سەپێنراوە .

( Population Reduction Organization ) رێکخراوێکی ئۆرگانی نێودەوڵەتییە ،لە ژێر ناوی پاراستنی مرۆڤ و تەندروستی مرۆڤدا و لەژێر رۆشنایی بیروڕاو بۆچونی چەند زاناو شارەزایەکدا ،ئەو جۆرە جینۆسایدە ،پراکتیزە ئەکەن ، و بەڕای ئەوان ئەمڕۆ گونجاوترین گۆڕەپان بۆ بە دیهێنانی مەبەستەکانیان ،وڵاتە پڕ سامانە سروشتییەکان و ئیسلامەکانەوە ،کە زۆربەیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و بە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم ،ناودەبرێن .کەواتە لەپشت کارو بڕیارەکانی ئەم رێکخراوەوە ،کۆمەڵێک هۆکاری ئاینی و سیاسی هەیە کە لە درێژەی باسەکەدا ئاماژەی پێئەکەین .

زۆربونی بێسنوری ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی ،هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ دامەزراندنی ئەمجۆرە رێکخراوانە ، بەڵام نەفامی و ناهۆشیاری مرۆڤ هۆیەکی سەرەکیترە بۆ دیاریکردنی سنوری جێبەجێکردنی پلانەکانی رێکخراوەکان .

کەواتە تاکە چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ئەمجۆرە جینۆسایدانە ، هۆشیاری و رۆشنبیری وزانستە ، نمونەش وڵاتی جاپانە ، لەدوای کوشتنە بە کۆمەڵەکەی بۆمبی ئەتۆمی هیرۆشیما و نەکەزاکی .

**جینۆسایدی مۆدێرن Modern Genocide**

جینۆساید :

هەر لە سەردەمی کۆنەوە، لە زەمانی (هابیل و قابیلەوە ) هوە، مرۆڤ، مرۆڤی کوشتووە، تەنانەت برای خۆشی، و لە بەر هەر هۆیەکیش بووبێت ، هەر ئەم هێزە شەڕەی لە هزری مرۆڤێکدا هەبووە، بووە بە هێزی گەورەتر و لە هزری کۆمەڵدا و بە جۆری جیاجیا پراکتیزە کراوە.

زاراوەی (Genocide) پێش ساڵی (1944) بوونی نەبووە، ئەم زاراوەیە واتایەکی زۆر تایبەتی هەیە کە ئاماژە بە کوشتن و لە ناوبردنی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکات، لە ناوبردنێکی تەواو، بە واتای نەمانی هیچ مرۆڤێک لەو کۆمەڵە، جا بەهەر هۆیەک بێت و لەبەر هەر هۆیەک بێت.

ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوف و زانا و مێژوونوس و رۆژنامە نوس٬ پێناسەی جینۆسایدیان کردووە، بەڵام باشترین و تەواوترین و روونترین پێناسە ئەوەیانە کە لەلایەن کەسێکەوە کرابێت کە خۆی و گەلەکەی تراجیدیاکەیان بەسەردا هاتبێت و بووبنە قوربانی. هەر بۆیە لە ساڵی (1944) دا، پارێزەر و یاساناسی هۆڵەندی

بەرەگەز جو، هەوڵیدا كە پێناسەیەک بۆ سیاسەتی نازییەکان بەرامبەر جوی ئەوروپا، دابنێت لە دوای ئەوکۆمەڵکوژییەی جوەکانی ئەوروپا دوچاری بوون ، لە ئەنجامدا زاراوەی( Genocide )ی داهینا لة ريكةی لێکدانی وشەی(Geno) یۆنانی بەواتای ( کۆمەڵ، هۆز، خێل، رەگەز) لەگەڵ وشەی (cide ) ی لاتینی بە واتای ( کوشتن )، کاتێک ( رافائیل ) ئەم زاراوەیەی دانا، لەو روانگەیەوە بوو کە جینۆساید دانانی پلانێکی رێکوپێکە لەسەر بنەمای رووخاندن و لەناوبردنی بناغە سەرەکییەکانی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵێک بە تەواوی.

دوای ساڵێک لە هەوڵەکانی رافائیل، دادگای سەربازی نێودەوڵەتی لە ( تورمبرگن ) تاوانی ئەو بە کۆمەڵکوژییەی دایە پاڵ گەورە سەرکردەکانی ( نازییەکان ) و بە ( تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ) لە قەڵەمیدا.

هەوڵە بەردەوامەکانی پاش کۆمەڵکوژییەکەی ( هۆلۆکۆست – Holocost ) – بووە هۆی ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان رێکەوتننامەیەک واژوو بکات. لە ( 9 )ی دیسەمبەری ( 1948 )، و تیایدا (کۆمەڵکوژی ) بە تاوانی نێودەوڵەتی، لە قەڵەمدرا؛ و بڕیاری قەدەغەکردنی لەو وڵاتانەدا کە واژۆی رێکەوتننامەکەیان کردبوو، هەروەها بڕیاردرا بە سزادانانی هەر لایەنێکی بەشداربوو، لە کاتی سەرپێچی کردنیان بۆ ئەم

..................................

- 1984 - yahuda Bauer
  1987 - I sidor Wallimann
  1988 - Henry Huttenbaeh
  1988 - Helen Fein
  1990 - Frank chalk and
  1990 - Kurt Jonassohn
  1993 - Helen Fein
  1994 - Steven T. Katz
  1996 - Irving Louis Horowitz
  2003 - Barbara Harff.

بڕیارە *1*؛ بەڵام مێژوو نیشانمان ئەدات کە پاش ئەم رێکەوتننامەیە، چەند جارێک کاری کۆمەڵکوژی دوبارە بۆتەوە، کە میلەتی کورد پشکی شێری تیادا هەبووە ( ئەنفال، هەڵەبجە، بارزانییەکان، فەیلیەکان ، ... هتد) جینۆساید، بە هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی سیستماتیکەو بە مەبەستداری، بەشێکە یان تێکڕای ئەندامانی گەلێکە، رەگەزێکە، نەتەوەیەکە، یان گروپێکی ئایینی یان سیاسی، دەوترێت. (جۆزێف کونراد) بە لوتکەی تاریکی پێناسەی دەکات، ( ئادەم جۆنز ) یش، بە وشەیەکی زۆر ترسناک ناوی ئەبات کە هەستی کەمی و نائومێدی بە مرۆڤ دەبەخشێت.*2*

بە کۆمەڵ کوشتنی گروپێکی تایبەت، لێدانی زەبری توندی دەرەکی یان دەرونی، گوشار خستنەسەر گروپێکی دیاریکراو بە مەبەستی بنبڕکردنیان؛ دابڕانی ئەندامانی کۆمەڵێک و دوورخستنەوەیان لە یەکتر، بە مەبەستی فەوتانیان و پێشگرتن لە زاوزێ گروپێکی تایبەت؛ ئەمانە جینۆسایدن.

جینۆساید نەک هەر کردەوەیەکی نا مرۆڤانەیە بۆ پاکتاوکردنی جەماوەری نەتەوە یان رەگەز یان ئایین، بەڵکوو تاوانێکی گەورە و زەبرێکی توندە لە لایەن تاوانبارەوە، لە کۆمەڵێ مرۆڤ، دەدرێت.

جۆرەکانی جینۆساید بریتیین لە کوشتنی جەستە (گولەباران کردن ، بەکۆمەڵ لە سێدارەدان ، هێرشی سەربازی ، بە کۆمەڵ کوشتن، هەروەها دڕندەترین شێوازیان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەتۆمی، خەردەڵ... هتد.

زۆر نەتەوە جینۆساید کراون، بەناو بانگترینیان ؛ پاکتاوکردنی بە کۆمەڵی خەڵکی رەسەنی هەردوو ئەمەریکایەکە، ئەرمەنییەکان، یۆنانییەکان، ئاشورییەکان، سربەکان، هۆلۆدۆمۆر، بەنگلادشییەکان، کەمبۆرییەکان، گوایتمالییەکان، بۆسنییەکان، کورد، و رواندییەکان.

قوربانییەکی زۆر لە ئەنفال کەوتەوە و ئیتر قوربانی گەیشتە لوتکە لە ساڵی هەشتاکاندا، کە ئەم کۆمەڵکوژیەی دووەم تەواوکەری ئەنفالی یەکەم بوو. بەڵگەنامەکانی دوای روخانی بەعس، قوڵایی و بەربڵاوی هێرشەکانی ئەنفال دژی گەلی کورد، ئاشکرا دەکات. بەرپرسانی رژێمی بەعس پلانی گۆرینی دیموگرافی(Demography ) باشووری کوردستانیان دانابوو، بێجگە لە کوشتاری سیستماتیکی و گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە سەرتاسەری عێراقدا. کیمیا بارانی هەڵەبجە کە (5000 ) خەڵکی سڤیلی بێتاوان بوونە قوربانی، ئەمەش دیسان بەشێک بوو لە پرۆسەی جینۆسایدی ڕژێمی بەعس دژ بەگەلی کورد کە کەوتە پەراوێزی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە.

پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و قازانجی سیاسی وڵاتە زلهێزەکان کە هەر یەکەو بە جۆرێک لە شەڕەکەدا تێکەڵ بوون، بوونە لەمپەر لەوەی کە ئەو کوشتارە ئاشکرایە بە جینۆساید لە قەڵەم بدرێت و بکەرانی کوشتارەکەشی، بڕیاردرا سزا بدرێن. سزاکەش لە سنووری ئەوەدا بوو کە هەندێک لەو کۆمپانیایەی کە کەرەسەی کیمیاوییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتوە. دۆسێکانیان خراونەتە دادگاکانی ئەڵمانیا و یەکیەتی ئەوروپا.

کورد زۆرجار جینۆساید کراوە، دوا جینۆسایدیش، جینۆسایدی کوردە ئێزەدییەکان بوو؛ گەورەترین کۆمەڵکوژی ئەم ساڵانەی دوایی بوو کە تا ئیستا تەواو نەبووە و بە هەموو شێوەکانی بەردەوامە. لە ناو جەرگەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، سەپێندرا بە سەر کوردا، بەڵام هیچ یەک لە وڵاتە عەرەبەکانی دراوسێ و دەوروبەر نەهاتنە قسە و هیچ هەڵوێستێکیان نیشان نەدا؛ هەر یەکە و لە بەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.

شارەزایان و پسپۆرانی بواری جینۆساید، دە قۆناغیان دیاری کردووە، بۆ بە ئەنجامدانی

........................

**1* لە نێوان ژەهر و ئومێددا، روخۆش عەلی، 2012، چاپی یەکەم**

**The origins of Gen *2* ، جۆنز، 2004، لا 2**

جینۆساید، لە وانەیە رووداني هەموو قۆناغەکان حەتمی نەبێت لە کات و شوێنی ئەنجامدانی جینۆسایدەکەدا، چونکە ئەگەری هەوڵدان هەبێت بۆ پوچەڵ کردنەوەی قۆناغێک یان زیاتر لە لایەن لایەنە زوڵم لێکراوەکەوە.

http://garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.83

قۆناغەکانیش بە دوای یەکدا، ئەمانەی خوارەوەن :

1- پۆلینکردن Classification .
2- دەستنیشان کردن Symbolization .
3- جیاوازی کردن Discrimination .
4- لە مرۆڤایەتی خستن Dehumanization .
5- رێکخراوی Organization .
6- دور خستنەوە Polarizations .
7- ئامادەکاری Preparation .
8- سەرکوتکردن، چەوساندنەوە Persecutions .
9- لەناو بردن Extermination .
10- نکوڵی، رەتکردنەوە Denial .

ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لەناو کۆمەڵی دواکەوتوودا ئاسانترە ، بە تایبەتی لە کۆمەڵێکدا کە هەمە رەگەز و هەمە ئایین و هەمە نەتەوەدا ، کە ئەم هەمە جۆریە بووبێتە هۆی درووستکردنی ململانێ ، دروونناسەکان دەڵێن ئەمە یەکەم قۆناغە بۆ دەسپێکی جینۆساید، نموونەشی زۆرە وەکوو : ئاڵمانیا وجوولەکە ، هۆزەکانی رواندا ، توتسی و هوتر ، کورد و عەرەب ، کورد و فارس ، کورد و تورک ... هتد . ئەمە لە کاتێکدا یەکێکە لە نەتەوەکان خۆی بە باڵادەست دەزانێت و ئەوانی دیکە بە لەخۆی لە نزمتر دەزانێ و هەر بۆیە دەیانچەوسێنێتەوە . یان ئایینی باڵادەست هەوڵ ئەدات ئایینەکانی تر بسرێتەوە ، یان هۆزێک خۆی بە باڵاتر و جوانتر ئەزانێت و هۆزەکانی تر ئەچەوسێنێتەوە .

ئەگەر رۆشنبیری پێکەوە ژیان، لە ناو ئەو جۆرە کۆمەڵە هەمە جۆرەدا بڵاوکرێتەوە و هەوڵی لە یەکتر نزیکبوونەوەیان، بدرێت، ئەوا کێشەی تێدا نامێنێت: بەڵام زۆربەی جار ئەم رێخستنە لە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان نابێت بۆیە رێگری لێئەکەن. ئەم پۆلینکردنە لەسەر کورد پراکتیزە کرا دوای دەسەڵت وەرگرتنی رژیمی بەعس لە عێراق لە ( 17 / 1968/7 ) دا.

ئەم رژیمەگرنگی زۆری بە عەرەبی ئەدا و میللەتی کوردی پشتگوێ خستبوو. هەتا لە ناو عەرەبەکانیشدا گرنگی بە تیرەی خۆی و خزمەکانی زیاتر ئەدا، پاش ئەوانیش شیعە مەزهەبە عەرەبەکان.

لەگەڵ ئەمەشدا کە کورد هاونیشتمانی دووەمیش نەبوو، هێشتا کوردە فەیلیەکانیش گومانیان لەسەر بوو کە بە رەگەز ئێرانین و هەمیشە لە ژێر هەرەشەدا بوون. دیسان لە دوای شکستی شۆرشی 1975 پلانی راگواستنی گوندە سنوییەکان و کۆکردنەوەیان لە ناو ئوردووگا زۆرەملییەکاندا، نموونەیەکی دیاری پۆلینکردنە.

دوای پۆلینکردن، قۆناغی دەستنیشانکردن دەستپێدەکات، ئەو پۆلانەی دەستنیشاندەکرێن، پێیان دەوترێت: ئەندامانی بە ئامانج گیراو جا بە هۆی رەنگ، ئایین، رەگەز، دەبێت و پاشان هێمایەکیان لە سەر دائەنرێت، بۆ نموونە : ئەڵمانیای نازی ئەستێرەیەکی زەردی لە سەرشانی جولەکەکان دائەنا، هەروەها لە کەمبۆدیا

..........................................

**1: دوکتور ناجح گوڵپی ، 16 ئازاری 2017**

( خەمیری مور ) ملپێچی شینیان دەکردە ملی قوربانییەکان، تاوەکوو بە جوانی بناسرێنەوە، جلوبەرگی زیندانییەکانی ( گوانتانامۆ بەی ) ، بەرگی پرتەقاڵی قوربانییەکان و زیندانییەکانی داعش.هەردوو قۆناغی پۆلێنکردن و دەستنیشانکردن، زۆر سامناکن، چونکە لەم قۆناغانەدا مرۆڤەکان جیادەکرێنەوە لە کۆمەڵ، مافەکانی هاووڵایەتیبوونیان لێدەسێنرێتەوە و لە جێگەی ئەو نیشانەی رقلێبوونەوەیان پێدەبەخشن.

نموونەش لە سەر دەستنیشانکردن لە تاوانی جینۆسایدی کورددا دوای راگواستن گوندە سنوورییەکان بۆ ئوردووگا زۆرە ملییەکان، کە دەوریان گیرابوو ئازادی دەرچوونیان لێ زەوت کرابوو، و بە پێی یاسای سەربازی هەر کەسێک لە دەرەوەی ئوردوگاکە ببینرایە، گولە باران دەکرا بەبێ دادگایی کردن.

هەر چی قۆناغی سێیەمە، قۆناغی جیاکارییە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵێ خاوەن دەسەڵات کە حوکمیان لە دەستە، هەموو یاسا و رێساکانی وڵات بە شێوەیەک دادەرێژن کە تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیان بەرامبەر بە زەوتکردنی مافی کەمینە لاوازەکان. ئەم جیاکارییەش لایەنی کایەکانی ژیان ئەگرێتەوە :لە روی ئابووری و بازرگانی و رۆشنبیرییەوە، لە لایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ دەکرێت و لە روانگەی (ئێمەی بەهێز و ئەوانی لاواز ) هوە، لاوازەکان دەچەوسێنرێنەوە. بۆ نموونە : بێبەشکردنی کەمینە ئیسلامییەکانی بورما لە ناسنامە، بێبەشکردنی کورد لە ناسنامە و رەگەزنامە لە وڵاتی سوریا و بێبەشکردنی کوردی فەیلی لە رەگەزنامەی عێراقیلە سەردەمی رژێمی بەعسدا.

قۆناغی داماڵین لە مرۆڤایەتی، جۆرێکی ترە لە ئازاردانی مرۆڤ، لە رێگەی درووستکردنی سیستەمێکی فیکری گونجاو بۆ لاینگرانی خۆیان (کە تاوانباری جینۆساید ) ن بۆ هاندانی بیری جینۆسایدی دژ بەو کۆمەڵەی کراون بە ئامانج، لە ئازادەکان و دەستگیرکراوەکان و ئەوانەش کە لە کەمپی زۆرەملیدا دانراون.

لە رێگەی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی ئێمە باش و هەڵبژێردراو و پاک خاوێنین، بەڵام ئەوان پیس و خراپ و دواکەوتوون ... بە مەبەستی سوککردنیان لە چاوی خەڵکانی ناو هەمان کۆمەڵگا تاوەکوو وەک ئاژەڵ و مێروو سەیر بکرێن و لە سەر ئەو بنەمایە هەڵس و کەوتیان لە گەڵ بکەن. بەم شێوەیە وردە وردە هەرچی سیفاتی مرۆڤایەتی هەیە لێیان دادەماڵن و ئەگەر واش وردە وردە وایان لێدێت.

نموونەی ئەم قۆناغاش لای کورد ئەوە بووە کە رژێمی بەعس لە هەموو دەزگاکانی راگەیاندا ناوی کوردی بە ( مخرب، خائن، عصاة، جیب العمل ) واتە : تێکدەر، خۆ فرۆش، یاخی بو، بەکرێگیراو. ئام وشانە تا ئێستا لە گوێی زۆربەی عەرەبی بێ ویژداندا دەزرنگێتەوە، بۆیە ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە هاتونەتە کوردستان ، بازرگانی

ئەكەن، باشترین رێگە و شوێنیان هەیە، ئەخۆن و ئەنون بە ئاشتی بەڵام هێشتا پێیان كەمە فێری زمانی كوردی ببن.

هەر ڕژێمی بەعس بۆ هانی مێژوونوسە بێویژدانەكانی دەوروبەری خۆی ئەدا كە كتێب بڵاو بكەنەوە لە سەر مێژووی كورد تاكوو رەگەزی كورد بگەڕێنەوە بۆ جنۆكە، نەک مرۆڤ. بێجگە لەوەی هەر كەسێک لە شتێک تێنەگەیشتایە لە باتی پێی سێلێن، ( تۆ كەریت ) ئەیانوت ( بۆ تا تێناگەیت، بۆچی تۆ كوردیت؟ )

لە توركیاش بە شۆڕشگێڕە كوردەكان دەوترێت تیرۆرست، و مەلاكانیشیان فەتوای كافربوونی كوردیانداوە.

قۆناغی رێكخستن

بەرنامەرێژی دەسەڵات بەرامبەر كەمایەتییەكان، بە شێوەی رێكخراو ئەنجام دەدرێت بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا كە فرە نەتەوە و ئایینن بۆ ئەوەی تاوانەكە نەچێتە ئەستۆی دەسەڵات. لەم وڵاتانەدا دەسەڵات هەڵئەسێت بە رێخستنی گروپ كە لە كەمایەتییەكەن و، بەڵام بە رێنمایی دەسەڵات و لە بەرژەوەندی ئەو كار دەكەن، دژ بە نەتەوە یان ئایینەكەی خۆیی، نموونەش چەكدارەكانی جەنجەویر لەدار فور ولای خۆیشمان ئەو كوردانەی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە چەكداركرابوون بۆ ئەوەی دژی خەڵكی كوردستان و پێشمەرگەكانیان چەكەكانیان بەكار بهێنن، كە بە ( جاش، خۆفرۆشی ) ناودەبران چونكە بەشداری تاوانی كارەساتی ئەنفالیان كرد.

هەروەها ئەوان بوون بەشدارییان ئەكرد لە هێنانی پاسەوانی كۆماری بۆ دەستگیركردنی خەڵكی سیڤیل لە بەرزاییەكان و لە ناوچەی قوشتەپەو بەحركە و حەریر و دیانا. نموونەی تر زۆرە؛ بەڵام لێرەدا ئەوەندەمان بە باش زانی.

قۆناغی دوورخستنەوە، شەشەمین قۆناغە كە بڵاوكردنەوەی پڕوپاگەندەیە بە جۆرێک كە خەڵک ئەخاتە ئەو باوڕەوە كە تاوانی كۆمەڵكوژی لە كاتێكی زۆر نزیكدا روو ئەدات، لێرەدا دەسەڵات تاوان و خەیانەت ئەداتە پاڵ كۆمەڵێ زوڵم لێكراوە و یاسای تایبەت دائەنێ بۆ قەدەغەكردنی ژن هێنان و تێكەڵاو بوون و هاتوچۆكردن لەگەڵ گروپێكی دیاریكراودا و لە هەمان كاتدا تیمی تایبەت دەردەكات بۆ پشكنین و گەڕان بە دوای چەک دا لە ماڵی ئەوگروپەدا بۆ ئەوەی كاتێک دەسەڵات دێتە سەریان و پەلاماریان ئەدات، نەتوانن بەرگری لە خۆیان و خێزان ماڵ و موڵكیان بكەن ئەمانە هەمووی ئەبنە هۆی ئەوەی خەڵک بە چاوێكی سووک سەیریان بكات، نموونەش لە كوردستان، پێشمەرگە و كەس و كاریان بوو.

ڕژێمی بەعس هەر پێشمەرگایەتی نەكەوتایە بەردەست، دەكەوتە سوكایەتیكردن بە كەس و كاری یان زیندانیكردنیان و یان دور خستنەوەیان بە هێزی سەربازی و بێ هیچ شتێک لە پێویستییەكانی ژیان و بێ پارە، دەیانگواستوە بۆ باشووری عێراق و لەوێ فرێیان ئەدان، و عەرەبی ئەو ناوچانەش باوڕیان بە پرۆپاگەندە خراپەكانی ڕژێم هەبوو، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەش هەڵسوكەوتیان لەگەڵ ئەو كوردانە دەكرد و بەچاوی سوک سەیریان ئەكردن.

قۆناغی ئامادەکاری، لەم قۆناغەدا، بۆ ئەنجامدانی تاوانە کە سەرکردەکانی تاوان هەوڵی پاساو هێنانەوە بۆ تاوانەکەیان، ئەهێننەوە لە ڕێگەی پاکتاوی ڕەگەزیی، پاکتاوی پاککردنەوە، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ... هتد.

لە ژێر دروشمی ( پرۆپاگەندەی ئەگەر ئێمە ئەوانمان نەکوشتایە، ئەوان ئێمەیان دەکوشت) تاوانەکەی خۆیان ئەنجامئەدەن.

گوایە گروپی زوڵم لێکراو دەستپێشخەر بووە لە هێرش کردندا بۆ سەر دەسەڵات ؛ لە دەزگای ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵاتیشەوە قسەی تۆقێنەر لەسەر ئەو گروپە زۆڵم لێکراوە، بۆ خەڵکی ئاسایی بڵاوئەکرێتەوە، نموونەش لە جینۆسایدی کورددا، ئەنفالکردن و ڕاگرتنیان بوو لە کەمپەکانی( قۆرەتو، تۆپزاوە، نوگرە سەلمان و قلای نزارکی.

سەرکوتکردن قۆناغێکی تری جینۆسایدە، لەم قۆناغەدا دەسەڵات قوربانییەکان بە پێیەی ڕەگەز و تەمەن جیادەکاتەوە و لە یەکیان ئەترازێنێت، ژن بە جیا و پیاو بە جیا و منداڵ بە جیا و پاش زەوتکردنی ماڵ و زێڕ سامانیان. و نیشتەجێکردنیان لە شوێنی جیا جیا، و چەوساندنەوەیان و برسی کردنیان بۆ ئەوەی نەخۆشیان لە ناودا بڵاوبێتەوە و خۆیان وردە وردە بمرن و بە مجۆرەش دەنگە و ڕەنگی ئەو گروپە زوڵم لێکراوە، سەرکوت ئەکرێت،

قۆناغی لە ناوبردن ؛ سەرەتای قۆناغی لە ناو بردن یان قەڵاچۆکردن زۆر بە خێرایی دەگوردرێت بۆ کوشتنی بە کۆمەڵ، چونکە بکەرانی تاوانەکە ئەو گروپەیان بە مرۆڤ لە قەڵەمنەداوە و پێیان وایە کە ئەم گروپە شایانی ژیان نین بە پێی یاسا.

زۆر جار دەسەڵات، بە هاوکاری هێزی سەربازی یان دەستەی چەکداری تایبەت و ئامادەکار و بۆ ئەو مەبەستە، جینۆساید دژی گروپێک ئەنجامدەدات، کە هەندێک جار گروپی زوڵم لێکراو بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ئەنجامدەرانی جینۆساید، هێرشی بەرامبەر دەکات و لە ئەنجامدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەر دوو لایەن لە ناودەچن.

ئەم کردەوەیە، پیشانی ئەدات کە چۆن مرۆڤ لە مرۆڤایەتی و لە مرۆڤبوون، ئەخەن و جۆرێک دوای تەواو بوونی کوشتار جەستەی کوژراوەکانیش ئەشێوێنوێت، و شوێنە پیرۆز و ئایینیەکان و ڕۆشنبیرییەکان، هەمویی وێراندەکرێت ، تەنانەت شوێنە مێژوویەکانیش، شتە گرنگەکانی دەدزرێن و ئینجا کاولدەکرێت.

دوا قۆناغیش نکوڵیکردنە ؛ لەم قۆناغەدا تاوانبارانی جینۆساید، هەموو توانایان دەخەنە کار بۆ شاردنەوە و سڕینەوەی پاشماوەی هەموو تاوانەکانی لە قۆناغەکانی پێشتردا، ئەنجامیانداوە ؛ وەک : شاردنەوەی جەستەی قوربانییەکان لە شێوەی گۆڕی بە کۆمەڵدا، یان سوتاندنی لاشەکان و فڕێدانیان بۆ ناو دەریا، و تۆقان و هەڕەشە و دواتریش، کوشتنی شاهێد حاڵەکانی کارەساتەکە.

ئەم تاوانانەی جینۆساد کە بە درێژایی مێژوو ئەنجامدران، کەمێکیان نەبێت هیچیان نەدراون بە دادگای نێودەوڵەتی، ئەو کەمەش کە کەیسەکانیان دراون بە دادگی نێودەوڵەتی، شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە، تا ئیستا.

بەشی دووەم:

ئەو جۆرە جینۆسایدەی ئاماژەمان پێکرد و قۆناغەکانیمان بە کورتی خستە رووتا ئیستا، ئەتوانین ناوی بنێین ( جینۆسایدی کۆن یان تەقلیدی ) ، ئەوەی لە مەودوا باسی ئەکەین ( جینۆسایدی نوێ یان مۆدێرن ) ە.

سەرەتا پێویستە بزانین مەبەست چییە لە زاراوەکە : - مەبەست ئەوەیە کە تاوانی جینۆساید لە گەڵ ئەوەشدا کە دادگای نێودەوڵەتی بریاری قەدەغەکردن و دادگایی کردنی بکەرەکەیان داوە، بەڵام جینۆساید هەر بەردەوامە، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا خۆی دەردەخات ؛ کە لە گەڵ زەمانی تەکنەلۆجیا وعەولەمەدا گونجاو بێت. جینۆسایدی مۆدێرن ئەگەرچی زاراوەکە واتای پلانی نوێ ئەگەینێت بەڵام لە زۆر کۆنەوە کاری بۆ کراوە بە پاساوی جیاواز لە جینۆسایدی کۆمەڵکوژی.

ئەگەر پاساوی کۆمەڵکوژی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، پاکتاوکردن رەگەز، ئایین یان رەنگ بووبێت، ئەوە پاساوی جۆری دووەم لە کۆمەڵکوژی زۆر بوونی بێ ئەندازەی ژمارەی مرۆڤە لە سەر زەوی.

وەک پێشتر وتمان، مێژووی جینۆسایدی مۆدێرن زۆر کۆنە، بەڵام پێشتر مەبەست و رێچکەی جیاواز بوو و هەروەها لە ژێر پەردەی کۆنترۆڵکردنی ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی بوو، بەڵام وردە وردە رێچکەیەکی تری جیاوازی دور لە مرۆڤایەتی گرتەبەر.

مێژووی کێشەی زۆر بوونی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ( 1834- 1766 ) دا ،

کاتێک (Thomas Robert Malthus ) زانای ئینگلیز، بیردۆزەکەی، بە ناوی

(Malthusion Theory of Population ) دانا و بڵاویکردەوە.

تیایدا ترسی خۆی پیشان ئەدات بەرامبەر زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی سەرزەوی، بە پلەیەک کە لەوانەیە سامانە سروشتیەکان بەشی هەموو مرۆڤەکان نەکات ؛ ئەگەر ئەم زۆربوونە بەردەوام بێت.

سالتۆسی کێڵگەی کارکردنی لە بواری ئابووری سیاسی و دانیستواندا بوو.

لە زانکۆی ( Jesus Collge ) کامبرج ساڵی ( 1784 ) خوێندنی تەواو کردووە پەیوەندی لەگەڵ زانا فەیلەسوفەکاندا هەبوو، ناودارترینیان ( جان جاکە رۆمۆ ) بوو. ئەم زانایە کە بیردۆزەکەی خستەروو، هەرایەکی زۆری لەسەر پەیدا بوو. لە گەڵ ئەوەشدا کە کەسانێکی زۆر ناوەرۆکی بیردۆزکەیان رەتکردەوە، بەڵام بە دوای ئەوەدا زانایانیتر لەسەر ئەم بابەتە زۆر لێکۆڵینەوەی تریان کرد. بگرە

چەندین رێکخراوی جیهانی لە سەر رێچکەی ئەو دامەزرێنران، وەک :

( Popnltion Conneetion – Americas Voice For population Stabilization ) ، 1968

ئەندامانی ئەم رێکخراوە گەیشتە( 500000 )پێنجسەد هەزار ئەندام لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە.

هەروەها رێکخراو ( زیادبوونی نێگەتیڤی دانیشتوانی سەرزەوی ) کە رێکخراوێکی ئورگانیە لە (1964 ) دامەزێنرا، بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵک لە ئەمەریکا.

مەبەستی ئەم رێکخراوە ، بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تاک بوو ، لەڕووی چۆنیەتی کەمکردنەوەی زاوزێ ، تاوەکوو ژمارەی دانیشتوانی سەرزەوی زیادبوونی لەپڕ بە خۆیەوە نەبینێت ، بەڕادەیەک کە سامانە سرووشتییەکان بەشیان نەکات بە پلەیەک کە نەخۆشی و برسییەتی بڵاوبێتەوە .

لەو ڕوانگەیەوە کە خەڵکی تێگەیشتوو یارمەتی جێگیربوونی ژمارەی دانیشتوان ئەدەن . (1)
ڕێکخراوەیەکی تر کە بەناوی وشیاری تەندرووستییەوە ، دامەزرێنراوە ، زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان ، ئەندامن تییایدا (Population reduction organization) .
بە ڕووکەش هەموو ئەوزانا و فەیلەسوفانەی ڕێکخراوەکە لەسەر بیروڕایان کار دەکات ، بەو ڕێچکەیە کار دەکەن کە هەوڵەکانیان بۆ هوشیاری تەندرووستی مرۆڤ و ڕاگرتنی زیادبوون یا هەڵاوسانی مرۆڤ درووست بێت ، بەڵام ئەوەی دەر ئەکەوێت ، ئەم ڕێکخراوە چەند ئەرکێکی تری خستۆتە ئەستۆی خۆی ، ئەویش دانانی پلان بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی مرۆڤ لەسەر ئەم پلانەیە . پلانەکانیان جینۆسایدی بەخشکەییە لەهەر ناوچەیەک بیانەوێت و لەبەر هەر هۆیەک دەست پێ بکەن ، چەند بناغەیەک دائەنێن و دەست پێ ئەکەن ، بەڵام بە شێوەیەکی زیرەکانە و پلانێکی ژێر بە ژێری نادیار وا لە خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەکەن کە خۆیان هەڵسن بە ئەنجامدانی ئەوەی ماوە ، لە پلانی جینۆساید .
کەواتە جینۆسایدی مودێرن ئەو پلانە جیهانییە نهێنییەیە کە لە هەموو دونیادا زۆر تاکەم پەیڕەو کراوە ، بەڵام لەو وڵاتانەدا کە بە ( وڵاتانی جیهانی سێ) یان (دول النامیە) ناسراون ، خێراتر کار دەکات و پلانەکە بە پێی پێویست لە لایەن وڵاتە زلهێزەکان و وڵاتە قوربانییەکاندا ، جێبەجێ ئەکرێت .
نەبوونی وشیاری و نزمی ئاستی رۆشنبیری مرۆڤی ساکار ئەهێنێتە بەرهەم ، مرۆڤی ساکاریش وەک هەویر وایە ، هەر شێوەیەک ئارەزووت لێبێت ، لێی درووست دەکەیت ؛ لە کاتێکدا لە ولاتانی پێشکەوتوودا کات و پارە و وزەی زۆری ئەوێت .

..............................

بیردۆزی مالتۆز لە سەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، توماس رۆبێرت ماڵتۆز ئەوزانا ئینگلیزییە بوو کە بە دواداچوونی بۆ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی دەکرد، ئەم بیردۆزە دواخستنی ژن هێنانی وەکوو چارەسەرێک بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان داناوە.
بۆ نموونە : وڵاتی ژاپون هەرچەندە قوربانی جینۆسایدی جۆری یەکەمی بومبی ئەتۆمی( هیرۆشیما و ناکازاکی ) – ساڵی 1945/8/6 ، بەڵام بە زانست و زیرەکی و دانایی دەسەلاتدارانیان بە هوشیار کردنەوەی نەوەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبریيان ، زۆر ستەمە پلانی جینۆسایدی مودێرن بتوانێ پێی بوێرێت ، وەک چۆن بە وڵاتەکانی جیهانی سێ ئەوێرێت . ئەمرۆ ژاپون پێشکەوتوترین وڵاتی سەر زەمینە لە ڕووی تەکنۆلۆجیاوە .
(جوولەکە ) ئیسرائیل یەکێکی ترە لە قوربانیان جینۆسایدی تەقلیدی
هۆلۆکۆست ، 20 / 1/ 1922 ، ژمارەی قوربانیانیان ( 9 – 11 ) ملیۆنە بەڵام ئەمرۆ

.................

**1: سایتی www. Npg. Org , 201**
ئەندامێکی کارای ئەو ڕێکخراوانەیە ، بەهێزترین وڵاتی سەر زەوینە لەڕووی سیاسەتەوە ،
بۆیە ئەم پلانە لە ئیسرائیل زۆر سەر ناگرێت ، ئەمە

لە لایێک ، لە لایەکی تریشەوە ، چونکە ئەم وڵاتە ئەندامێکی کارایە لەورێکخراوانەدا ، هەوڵ ئەدات کەمترین زیانی بەر کەوێت ، لەوانەشە هەر هیچ زەرەمەند نەبێت ، چونکە زۆر هوشیارە

جۆرەکانی جینۆسایدی مودێرن ؛

1. بلاوکردنەوەی نەخوێندەواری :

چەمکی کۆنی نەخوێندەواری ، ئەوە بوو کە مرۆڤێک نەیەزانی بنووسێت و بخوێنێتەوە ، بەڵام چەمکی نوێ ، ئامادەکردنی مرۆڤێک کە ئەزانێت بنووسێت و بخوێنێت بۆ ئەوەی ببێت بە خوێندەوار ، واتە ئاگای لە ڕووداوەکانی دەورووبەری نییە ، ئەگەر ئاگاشی لێبێت ، لێی تێ ناگات .

ئەمرۆ ژمارەیەکی کەم نەخوێندەوار هەیە بە چەمکی کۆنی نەخوێندەواری ، بەڵام ژمارەیەکی زۆر هەیە بە چەمکی نوێ .

بڵاوبوونەوەی ئەمجۆرە نەخویندەوارییە (2) ، بە دوو لایەن جێبەجێ کراوە ، یەکێکیان ولاتە زلهێزەکان کە ناوچەیەک دیاری دەکەن و پلانی بۆ دادەڕێژن و سەرەتا بناغەی بۆ دا ئەنن ، دواتر لایەنی دووەم کە قوربانییەکانن ، خۆیان تەواوی ئەکەن جا بە ئاگاوە بێت یان بێ ئاگا .

بڵاوکردنەوەی نەخوێندەواری (2) لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا زۆر ئاسانە ، چونکە خۆیان زەمینەیەکی باشیان ڕەخساندووە بۆ تاوانکارەکان .

ئەو وڵاتانەی فرەنەتەوە و فرە ئایین و مەزهەبن ، وەک وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، گۆڕەپانێکی فراوانن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەشە لە پلانی جینۆسایدی مودێرن .

بۆ نموونە : لە وڵاتەکانی باکووری ئەفریقا بەربەر و عەرەب هەن ، ئیسلام و مەسێحی و جوولەکە هەن ، شێعە و سوننەش هەن . لە وڵاتی شام دیسان کورد و عەرەب و دوروز هەن ، دیسان ئیسلام و دیان و جوولەکە هەن . شێعە و سوننەش هەن .

هەمان دەستوور لە عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران و لوبنان هەروەها بوونی عەرەب و ( قبطی) و...هتد ، لە میسر کە گەورەترین دەوڵەتی عەرەبییە ، پلانی تاوانبارەکان ، بە شەڕدان .

ئەم پێکهاتانەن ، کۆمەڵی مرۆڤایەتی کە خەریکی شەڕ و ئاژاوە و کوشتار بوو ئیتر ئاگای لە هوشیاری نامێنێت ، وردە وردە ئەر رۆشنبیرییەی کە هەشە بیر ئەچێتەوە ، تەنانەت بەشداریش ئەکات لە شەڕەکاندا بە بێ ئەوەی بزانێت بۆچی شەڕ ئەکات . گۆڵی ئەم پلانە ئەوەیە کە خەلکێکی زۆر وشیاری نامێنێت بەشێوەیەک هەرچێکی پێ بڵێن بە بێ بیرکردنەوە جێبەجێ ئەکات ، لەهەمان کاتیشدا خەڵکێکی زۆر ئەکوژرێن ، لە ئەنجامدا ژمارەی دانیشتوان چەند زیاد ئەکات ئەوەندەش کەم دەکات لە هەمان کاتدا .

(2) : هەژاری :

نەخوێندەواری و هەژاری لەیەک بدەن ، ئەمە کارەسات ئەخاتەوە . بڵاوکردنەوەی هەژاری پلانە ، ئەگینا ئەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین ، چۆن وڵاتێکی پر لە سامانی سرووشتی ئەبێ هەژار بێت ؟ ، ئاشکرایە رۆژهەڵاتی ناوەراست پڕە لە سامانی سرووشتی ، هەر نەوتی سعودییە و وڵاتانی کەنداو ، ئەتوانێ هەموو جیهان بەڕێوە بەرێ

. بە هەرزان کردنی نرخی نەوت هەژاری بڵاو دەبێتەوە ، بۆ نموونە : وڵاتە زلهێزەکان هەر جاری هێزێکی چەکدار دروووست دەکەن هەر جارێ لەژێر ناوێکدا ( وەک : قاعیدە ، داعش ) کە هێرش ئەکەنە سەر بیرە نەوتەکانی هەندێ وڵاتی لاوازی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلانێکی ژێر بە ژێر بە ڕێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتە لاوازانە ، ئەو هێزە چەکدارە هەموو نەوتەکە بە خۆڕایی دەبەن ، وڵاتە زلهێزەکان بەشی زۆری بۆ خۆیان دەبەن و بەشێکیش بۆ بەخێوکردن و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو چەکدارانە و لە ئەنجامیشدا نرخی نەوت لە جیهاندا دێتە خوارەوە و دانیشتوانی وڵاتی خاوەن نەوتەکە دوچاری هەژاری دەبنەوە و بۆ ئەوەی پێویستییەکانی ژیانیان دابین بکەن هەموو کارێکی خراپی وەکوو بازرگانی بە قاچاخ و بە دەرمانی بێهۆشکەر و چەندین جۆری دەرمانی رێگە پێنەدراو بهێنێتە وڵاتەوە ، چونکە لە هەنگاوی یەکەمدا ناهوشیار و نەخوێندەوار کران ، مرۆڤیش نەفام بوو تەنیا بیر لە گیرفانی خۆی دەکاتەوە و بیر لە مرۆڤایەتی و وڵات ناکاتەوە . بێ گومان ئەم هەژارییە چینی خەڵکی ئاسایی دەگرێتەوە و لە هەمان کاتدا چینی دەسەڵاتدار لەسەر حسابی میللەت زۆر دەولەمەند دەبن ، واتە نوخبە خاوەن سامان ئەبێت و میللەتیش هەژار. لەم ڕووەوە (د. عەبدولوەهاب ئەلمسری ) دەڵێت : ( عندما يدرک الناس ان الدوله تدار لحساب نخبه و لحساب امه ، يصبح الفرد غير قادر على التضحيه من اجل الوطن و ينصرف ليبحث عن مصلحته الخاصه). کەواتە نیشتمان نرخی لای تاک نەما . موچە زیاد کردن و لەپڕا کەمکردنەوەی باشترین نموونەیە .

(3) . لێدانی سایکۆلۆجی :

پلەی ستەیشن ، ئیکس بوکس ، گەیمەکانی ناو موبایل ، فیلمەکانی ڕاهێنانی منالەکانی ناو داعش و چەندین شتی تری لەم باباتە بە بێ کونترۆڵ و لێپرسینەوە ئەچێتە هەموو ماڵێک ، لە ئەنجامدا منال لە تەمەنێکی زووەوە ڕایەت لەسەر توند و تیژی و بینینی خوێن ، ئەمەش کاریگەری سایکۆلۆجی هەیە و لە ئەنجامدا منال هەمیشە تووڕەیە ئامادەیی تێدایە بۆ خوێنرشتن ، بە تورەبوونێکی ئاسایی ، چەک لە بازارەکان وەک تەماتە ئەفرۆشرێت و لێپرسینەوە ولێپێچینەوە نییە ، ئەمەش هۆیەکی ترە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان .

تۆقاندنی خەڵک بە تایبەتی ژنان لە ئەنجامی ئەو کارە ناڕەوایانی بەرانبەر ژنان دەکرێن ، نموونەی ژنە ئێزەدییەکان بە دەستی داعش . ئەمەش کاریگەری سایکۆلۆجی خۆی هەیە کە لە زۆر لایەنی تەندروستییەوە زیانی هەیە و لە هەموو زیاتر کە ژن لە ژنیەتی ئەکەوێت ، لەڕووی کاراکتەر و لەڕووی زاوزێوە .

شێوەی نەوت دابەشکردن و گەڕانی غاز بە گەرەکەکاندا و شێوەی هاتنەوەی کارەبا ، بۆ وایرە نزمەکانی مولیدە و دەنگی مولیدەکە و مەترسی بەکارەبابوون و نەخۆشی هەیە ، ئەمەش کاریگەری لەسەر مێشکی مرۆڤ هەیە . و لەڕووی سایکۆلۆجییەوە هەمیشە کەسەکان تووڕەن ، مرۆڤی تووڕەش هەڵسووکەوت لەگەڵیدا کارێکی گرانە و هەمیشە مرۆڤی تووڕە توانای شیکردنەوەی نییەو بیر ناکاتەوە ، بۆیە زۆربەی کات بڕیاری هەڵە ئەدات لە زۆر کاروباری گرینگی پەیوەندیدار بە ژیان و دوارۆژی خۆی و خێزانەکەیەوە .

(4) . بلاوکردنەوەی نەخۆشی :

وڵاتە زلهێزەکان زۆر بە ئاسانی لەڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ناوی یارمەتی خۆراک بەسەر قوربانیانی وڵاتە دواکەوتووەکاندا دابەش دەکات ، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەش بە بێ کوالیتی کونترۆڵ دابەشی دەکەن بەسەر خەڵکی هەژکار و نەخوێندەواردا (2) ، بۆیە ئەڵیین نەخوێندەوار چونکە کەسیان ناپرسن بۆچی ئێوە خواردنمان بۆ دەکرن ، خۆ ئەگەر مەبەستیان یارمەتیدانە ، ئەوا پارەکەمان بدەنێ و ئێمە خۆمان خوراکەکە بە ئارەزووی خۆمان دەکرین .

خواردنی خراپی پڕ لە نەخۆشی لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە ئەکردریت و لەهەمان کاتیشدا چاوپۆشی لەوکەسانە ئەکرێت کە لە قوربانیانن و بەڵام لەم ڕێکخراوە مرۆڤایەتییە بیانییانەدا بە پارەیەکی زۆر کار دەکەن و بەشداری ئەکەن لەو تاوانەدا .

بێجگە لەمەش هەندێ کارگەی درووستکردنی خۆراک کە سەر بە دەزگا سیخوڕییەکانی وڵاتە زلهێزەکانە ، خواردنی تایبەت بە پلانی داڕێژراو درووست دەکەن بۆ وڵاتە قوربانییەکان بە جۆرێک کە ماوەیەک پاش دووبارە بەکار هێنانەوەی ، مرۆڤ تووشی لاوازی پانکریاس دەکات ، بۆیە دەبینین ئەمڕۆ لە جیهاندا بە گشتی ڕێژەی تووشبووان بە نەخۆشی شەکرە ژمارەیان بە شێوەیەکی ترسناک زیادی کردووە ، شەکرە نەخۆشییەکی درێژخایەنە ، چاکبوونی نییە ، و تابلێی شەکرە دەبێت بە درێژایی ژیان بەکار بێت ، لە ئەنجامدا کارگەی دەرمان لە وڵاتە زلهێزەکان لەڕووی ئابورییەوە ئەبووژێنەوە و تووشبووەکانیش وردە وردە دەمرن و ژمارەی مرۆڤ رۆژ بە ڕۆژ کەمدەبێتەوە .

شەکرە و چەندین نەخۆشی تریش لەڕێگەی خوراک و ئاژەڵەوە بەبێ کونترۆڵ و بە ئاگاداری دەسەڵاتدارانی وڵاتی قوربانی دەکرێت بە سنووردا .

(5) . پاشاگەردانی :

شکاندنی یاساکانی هاتووچوو ، لە کاتێکدا دەستی پێکردووە کە بە لایەنی کەمەوە ڕێژەی (80%)ی شوفیرەکان مێرمناڵ و نەخوێندەوار و ناهوشیار . ساڵانە ژمارەیەکی زۆر قوربانی ئەبێت بە هۆی ڕووداوەکانی هاتووچووە . ئوتومبیل بە کوالتی خراپ و بە نرخێکی هەرزان و بە قیستی مانگانە کار ئاسانی ئەکات بۆ هەموو کەسێک کە ئەگەر داهاتێکی کەمیشی هەبێ ، ئەتوانێت ببێت بە خاوەن ئەتومبیل خۆی ، ژمارەیەکی زۆر لەمانەش زۆر بە ئاسانی مۆڵەتی لێخۆڕین بە گەندەڵی و بە بێ زانینی یاسا و میکانیک دەبنە خاوەن تەکسی و خەڵک ئەگوێزنەوە لەناو شار و دەرەوەی شار ، کە دەبێتە هۆی کارەساتی زۆر دڵتەزێن .

نێرگەلە کە خۆی کوشندەیە و سەرباری ئەوەش چەند مادەیەکی تێکەڵکراوە کە خانەکانی مێشک تەمبەل ئەکات و پاشتر لەکاری دەخات ، لەنەزانی و ناتێگەشتنی ئەو گەنجانەی بەکاری ئەهێنن و بە هۆی پاشاگەردانییەوە یان بە دەستی ئەنقەست دەسەڵاتی وڵاتی قوربانی هیچ لێپێچینەوەیەک ناکات و بە هیچ شێوەیەک یاسای قەدەغەکردنی دەرناکات ، زیندووترین نموونە وڵاتی میسرە ، ئەو میسرەی خاوەنی مۆمیایی باپیرە فیرعەونەکانیانە کە بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی مردن لە تەمەنێکی زوودا .

پاشاگەردانی بەشێکی گەورەیە لە ژینۆسایدی خودکار واتە ئەو کۆمەڵکوژییە هێواشەی کە لە لایەن گرووپی قوربانییەوە جێبەجێ دەکرێت .

گواستنەوەی خەڵکی شارۆچکە و گوند و لادێکان بۆ ناوشار پاش ئەوەی بەرهەمی کشتووکاڵیان لە لایەن دەسەڵاتەوە ناکردرێت و لە دەرەوەی وڵات پێویستییەکانی کۆمەڵ پڕ ئەکاتەوە ، ئەو خەڵکانە لەبەر هەژاری بە بێ پابەند بوون بە هیچ یاساییکەوە دێنە ناو شارە گەورەکان و ناچارن بۆ بژێوی ژیانیان هەموو کارێک بکەن ، لەوانە قاچاخچییەتی دەرمان و چەک و مادەی بێهۆشکەر و دەیان جۆری بازرگانی نایاسایی . ئێستا ئەمجۆرە جینۆسایدە زۆر بە خەستی لە کوردەستان دەستی پێکردووە . بە جۆرێک کە هەندێک لە کەسانی خاوەن بڕوانامە و رۆشنبیر لە باتی ئەو خەڵکانە دوور خەنەوە لەو کارە نایاساییانە ، خۆشیان چوونەتە پاڵ ئەوان لەبەر نەبوون .

(6). تەکنۆلۆجیا بە دەستی نەزانەوە :

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ، بە شێوەیەکی پلەکی (تەدریجی) ئامێرە تەکنۆلۆجیاکان دێنە بەردەست خەڵک ، یەکەمجار خەڵک لە رێگەی میدیا و کورس وهۆی ترەوە ، ئاگادار دەکەنەوە کە ئامێرێکی نوێ ئەکەوێتە بازاڕەوە ، لە پاڵ ئەوەشدا ڕوونکردنەوە ئەدەن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی و سوودەکانی و تەنانەت زیانەکانیشی ، ئینجا پاشتر ئامێرێکی لەوە پێشکەوتوتر و ئیتر هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت ، بۆیە کەمترین زیان لەبەکارهێنەرانی ئەکەوێت و گەورەترین سوودی لێ ئەبینێت . " لەبەر ئەم هۆیانە تەکنۆلۆجیا لەو وڵاتانەدا زیاتر لە خزمەتی پێشکەوتنی خەڵکەکەدایە و بۆ سوود وەرگرتن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەکار ئەهێنرێت و هەرگیز جینۆسایدی نوێ ئەنجام نادات .

تەکنۆلۆجیا چەکێکە دوو سەری هەیە ، چۆن لە وڵاتە زلهێز و پیشکەوتووەکاندا بۆتە مایەی سوود وەرگرتن و پیشکەوتن ، بەڵام هەر ئەو وڵاتە تاوانباران وایان کردووە کە تەکنۆلۆجیا تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە نەگبەتی لە زمانی عەرەبیدا ( نعمە) و (نیقمە) هەیە . واتە تەکنۆلۆجیا بۆ ئەوانە نیعمەتەو بۆ وڵاتانی جیهانی سێ نیقمەیە ، بەڵایە . بۆرجەکانی مۆبایل و ئینترنێت لەناو مالاندا ، لەسەر بانی یەکێک لە ماڵان دانراوە . ئەو ئامێرە (وایرلس) انە بە شەپۆلی کارو میغناتیسی کاردەکەن ، ئەم شەپۆلانە بەو هەوایەدا ئەگات کە ئێمە بۆ هەناسەدان هەڵی ئەمژین واتە لە ماوەیەکی کەمدا ئەچێتە ناو خوێنەوە ، ئەنجامەکەشی جۆرەکانی نەخۆشی شێرپەنجەیە . لە ولاتانی ئوروپا دانانی ئەو تاوەرانە لەناو شاردا ، بگرە تا دووری 100 کیلۆمتریش رێگەپێدراو نییە بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە تایبەتی ئیمرۆ لە کوردستان ، دەسەڵات رێی داوە و بەڵکوو زۆربەی پرۆژەکانی لەوجۆرە بە هاوبەشی بازرگانەکان لەگەڵ دەسەڵات دامەزرێنراون .

فەیسبوک ، وایبر، واتس ئاپ ، ... و چەندین بابەتی تری لەم جۆرە بە هۆی تەکنۆلۆجیای موبایل و کومپیوترەوە ، هێنراونەتە ناو کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتەوە ، گەنجەکان وا تێگەیێنراون کە ئەمە بۆ خۆشی کاتبردنە سەرە ، لە کاتێکدا کە کەسانێکی زۆر کوژراون ، بە هۆی کیشەکانی ئەم هۆیانەوە کە پێیان ئەوترێت (سوشیال میدیا ، Social media). چونکە ئەو شتانە لە گۆڕەپانی شیاو بەکار نەهێندراون . مرۆڤێک کە سەرشێت و نەخوێندەوار و

سایكۆ ، كرابێت ، ناتوانێت بە شێوەیەكی زیرەكانە و زانستیانە ئەم جۆرە تۆڕە كۆمەڵایەتیانە بەكار بهێنێت . ئەو یارییە منالآنەیەی گوایە بۆ خۆشی منالە و ئەمرۆ لە هەموو مالێكدا هەیە ، چ لە ڕێگەی موبایل و چ لە ڕێگەی پلەی ستەیشن و ئیكس و بوكسەوە (Play station , xbox). هەموو یاری شەڕە لەنێوان دوو لایەنی بەهێزی پێشكەوتوو لەڕووی چەكەوە ، ئەو دوو هێزە هەموو ڕیگەیەك بەكار ئەهێنن تا لە كۆتاییدا ، لایەكیان كۆتایی بەوی تریان دەهێنێت ، ئەمەش هاندانی منال و گەنجە بۆ توند وتیژی ، ئەمرۆ كاریگەرییەكی بە تەواوی لەسەر گەنجان دەبینرێت ، زۆر بە ئاسانی لەكاتی تووڕەبووندا پەنا ئەبەن بۆ چەك ، هەر لەو كوردوستانەدا ژمارە قوربانیانی ئەم حاڵەتە بەردەوام لە زۆر بووندایە و نموونەشمان زۆرە ، یەكێك لەو نموونانە مێردمنداڵەكەی هەولێرە كە دراوسێكەیان بە ئاسانی كوشت و لە بەردەمی پولیسیش زۆر بە جوانی دانی بە وردەكاری تاوانەكەیدا ناو و هەمووی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بڵاو كرایەوە ، دووبارە ئەم بڵاو كردنەوەیەش ، هاندانێكی ترە لە لایەن خۆمانەوە بە بێ ئاگا .

چەندین ئامێری تری تەكنۆلۆجیای جیا جیا هەیە كە دیسان لە لایەن خەڵكییەوە بە نەزانی بەكار ئەهێنرێت و ئەبێتە هۆی گەیاندنی زیانی جیا جیاو لە ئەنجامدا ژمارە خەڵكی پێ كەم دەبێتەوە .

(7). پیسكردنی ژینگە :

بە پاساوی جیا جیا شەڕ لە نیوان گرووپی جیاوازی سەر بە ئاینێك یان مەزهەبێكی جیاواز ، یان بیر وبۆچوونی سیاسی جیادا هەڵئەگرسێت ، بێ گومان لەو شەڕانەدا چەندین چەكی جۆراوجۆر بەكار ئەهێنرێت دووكەڵە ڕەشەكانیشیان هەمووی تێكەڵ بەو هەوایە ئەبێت كە بۆ هەناسە دان بەكار ئەهێنرێت ، كە ئەبنە هۆی نەخۆشی كوشندە ، ئەوەی شەڕەكە ئەنێتەوە نەفامی خەڵكە و هێزی شاراوەی وڵاتە گەورە تاوانكارەكانە و ئەوەی ئەو پیلانە جێبەجێ ئەكات قوربانیانی گرووپەكانی ئەو وڵاتەن كە جینۆسایدەكەیان بەسەرا ئەسەپێنرێت .

ئەمە و نموونەی تری زۆر هەیە كە كۆمەڵكوژی هێواش ئەخاتەوە ، نرخی شتە باشەكان و خواردن هەموو لەناو قوربانیەكاندا زۆر بەرز ئەبێتەوە ، بەرانبەریشی نرخی شتە خراپەكان هەرزان ئەكرێت ، بە هەر هۆیەك لە لایەن مافیاكانی درووستكەری دەستی تاوانكارانی جینۆساید ، ئەگەر بەراورد بكەین لە نێوان نرخی ئۆتومبیلی ( 15) ساڵ لەمەو پێش ، بۆمان دەردەكەوێت كە ئەمرۆ نرخی ئوتومبیل یەكجار هەرزان كراوە لە لایەن مافیاكانەوە كە هەر خێزاێك ئەتوانێت بە قیستیش بێت لەم هەژاریەشدا ، هەندێ ئەندامانی خێزانەكەی ئوتومبیل بكرێت . ئەم ژمارە زۆرەش لە لایێكەوە دووكەڵی ڕەش و پیس زۆر دەكات ، كە ئەبێتە هۆی نەخۆشی كوشندە ، لە لایەكی تریشەوە كە ئوتومبیل درایە دەس هەموو كەس بە بێ شارەزایی ئەبێتە هۆی كارەساتی هاتووچۆ كە خەڵكێكی زۆر دەبنە قوربانی ، نموونەیەكی تر نرخی جگەرە ئەگەر بەراورد كەین لە نیوان نرخی لە وڵاتەكی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەگەڵ نرخی لە ولاتە زلهێزەكان بۆمان دەرئەكوێت كە فەرمانبەرێكی ئوروپا بە موچەی مانگێك ئەتوانێت دوو گڵۆز جگەرە بكرێت ، بەڵام منالیكی ئێرە بە (500) دینار پاكەتێك جگەرەی تام میوە ئەتوانێ بكرێت كە لە خراپترین تووتن درووست كراوە بێجگە لەوەی ماددەی بهۆشكەری تێكەڵ كراوە ، كە مێشكی منالەكانمان تەمەڵ دەكات و هەمیشە لەبارێكی دەروونی ناجێگیردا دەبن و لە تەمەنێكی زۆر كەمدا دڵیان و

میشکیانماندوو ئەبێت و ئەمرن . رۆژ بە رۆژیش ئەم دیاردەیە لە زیادبووندایە . دووکەڵی جگەرە و نێرگەلەش بە شێوەیەکی ترسناک ژینگە پیس دەکەن بە شێوەیەک کە نەک هەر ئەو کەسانەی ئەیکێشن بەڵکوو کەسانی دەورووبەریش دەکەونە ژێر هەمان مەترسی نەخۆشی مردنەوە . هەرزان کردنی ماتۆریش دیاردەیەکی نوێیە ، بۆتە هۆی ئەوەی کە مناڵە مێردمنداڵەکان کە ئەتومبیل ناتوانن بکڕن ، ببنە خاوەن ماتۆڕ .

ئەمڕۆ بە بێ مۆڵەت لە (5) مناڵان و مێردمنالانی کورستان خاوەنی ماتۆڕن و هەندێکیشیان ئوتومبیل ئاسا کاسپی پێوەی دەکەن ، دەسەلات بە هیچ شیوەیەک لێی ناپێچیتەوە ، خەڵکێکی زۆر ساڵانە بە هۆی کارەساتی هاتووچۆ و دووکەڵی ئەم ماتۆرانە گیان لەدەست دەدەن ، بێجگە لەوەی دەنگەکەی کار لە مێشکی مرۆڤ دەکات و دەیخاتە بارێکی دەروونی نائارامەوە .

کاتی خۆی لەناو کورددا وا باو بوو ، (ئەوەی سوارەی ماتۆر ئەبێ کەرە ، ئەوەیشی لە دواوە سوار دەبێت لەو کەرترە ) ، . ئەمە روونی ئەکاتەوە کە ئەمڕۆ ژمارە ئەوانەی ئامادەن بەو چاوە سەیر کرێن زۆر زۆر بووە لە ناو کورددا .

سەربڕینی مەڕ و مالات بە بێ سانسۆر لە دەورووبەری شار فرۆشتنی بە نرخێکی هەرزان ، ژینگەی تەواو پیس کردووە ، بێجگە لەوە ئەو مالاتە لەوانەیە نەخۆش بێت و بە قاچاخ هاتبێت بە بێ چاودێری ڤیتەرنەری .

(8) . جینۆسایدی زمان و کولتوور :

بریتییە لەوەی ولاتە کەڵەگان بیرۆکەیەک بلاودەکەنەوە لە ناو خەڵکدا کە گوایێ دوارۆژی هەموو زمانەکان تاکە یەک زمانی جیهانییە کە ئەویش زمانی ئینگلیزییە .

لە لوبنان هەر کەس بە قسە کردنەکانیا وشەی ئینگلیزی و فەرانسی بەکار نەهێنرێت بە خوێندەوار و رۆشنبیر دانانرێت . ئێستاش لە کوردستان چەندین خوێندنگا ڕیگەی پێدراوە لە ناو خاکی خۆماندا زمانەکەمان بکوژن ، زۆر لە خێزانەکان مناڵەکانیان ئەخەنە ئەو خوێندنگایانەی کە بە زمانی ئنگلیزی و فەرانسی و تورکی دەخوێنن ، ئەو خێزانانەی لە مناڵێک زیاتریان لەو خوێندنگایانە بن ئەوەی تێبینی ئەوە دەکرێت کە مناڵەکان لە نیوان خۆیاندا بە جێی زمانی کوردی ، بە زمانی خوێندنگاکەیان قسە ئەکەن .

ئەمە لە پاڵ نەهێشتنی یان تێکدانی کلتوور ، لە راستیدا ولاتە زلهێزەکان ئەم کارە بە چەند ڕێگەیەک ئەنجام دەدەن بەڵام بە دەستی وڵاتە قوربانییەکە خۆی ، بۆ نموونە : میسر کە گەورەترین وڵاتی عەرەبییە شارستانییەتی زۆر کۆنە و هەرەمەکان یەکێکن لە حەوت سەرسوورهێنەرەکانی جیهان ، پاش ئەوەی کە دەوڵەتە زلهێزەکان برسییەتی و نەخۆشییان لە وڵاتە کۆنە خاوەن مێژوو کلتوورەدا بلاو کردەوە ، خەڵک هەژارەکە بۆ بژێوی ژیانیان لەگەڵ ئەو مافیا جیهانیەدا کە بۆیان دەنێردرێت کەوتنە شوێنەوارەکان وردە وردە کەوتنە فرۆشتنیان : لە کاتێکدا کە جوولەکە هەندێ بوودجەی ساڵانەی دە دەوڵەتی دەولەمەندی تەرخان کرد بۆ کۆکردنەوە هەموو بەشەکانی تەورات لە هەموو ناوچە عەرەبییەکان .

کاتی ڕووخانی سەدام هێزەکانی ئامریکا هەرچی شتی بەنرخی ناو مۆزەخانەکان بوو ، دزی و لە جێگەیان شتی دیکەی دانا ، واتە مێژوو کلتووری عێراق بۆ هەتاهەتایە فەوتان ، لەم دواییەشدا ئەمریکا لە ڕێگەی داعشەوە

هەرچی مزگەوت و تیمسالی کۆنی ئیزەدییەکان هەبوو لە هێرشەکانیدا ، ڕووخاندی و مێژووی کۆن و کلتووری لەناوچەکەدا فەوتاند .

ئەمەش ئەو جۆرەیە لە جینۆساید کە بۆ هەتاهەتایی بەردەوامە و ئەو شتانەی کە جێی شانازین هەرگیز دروست نابنەوە و ناگەڕێنەوە .

ئەمانەو چەندین جۆری تری جینۆساید بەردەوامە ، ئەوەی گرینگە پێویستە هەموومان بیزانین ئەوەیە کە گەلانی قوربانی خۆیان ئەمجۆرە جینۆسایدە مودێرنە ، یان ئەم تاوانە ، خۆیان ئەنجامی ئەدەن و هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداری ئەکات لە فەوتانی خۆیدا ، واتە ئەمجۆرە لە جینۆساید خودکارە و خۆی نوێ ئەبێتەوە و بەردەوامی بە خۆی ئەدات .

بەرنگار بوونەوەی ئەمجۆرە جینۆسایدە ئاسان نییە . کۆمەڵکوژی بە چەک یەکجارە ، چەند کەس مرد ئەوا دەمرێت و کارەساتەکە لە ماوەیەکی کورتدا دەست پێدەکات و کۆتایی دێت ، بەڵام جینۆسایدی مودێرن درێژ خایەنە ، بەڵکوو ئەگەر کاری جددی بۆ نەکرێت ، ئەوا هەتاهەتاییە و کۆتایی بە بوونی میللەتی قوربانی دەهێنێت .

باشترین ڕێگە چارە بە کەمکردنەوەی زیانەکانی ، چەکی زانستی و ڕۆشنبیری و هوشیارییە ، هەر میللەتێک بتوانێت سیستەمێک دانێت بۆ بەڕێوەبردن و دەزگای زانستی بەهێز بکات بۆ ئەوەی نەوەی هوشیار و رۆشنبیر ئەتوانن زۆر بە زیرەکی هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەم تاوانە هەستیارەدا بکەن . سیستەمی پەروەردە یەکەم قۆناغە ئەبێت کاری بۆ بکرێت و پتەو کرێت و پێویستە چاو بە بەرنامە و مەنهەجی خوێندنگاکاندا بخشێنرێتەوە ، هەندێ بابەتی بۆ زیاد بکرێت ، وەک : کۆمەڵناسی ، دەروونناسی ، فەلسەفە ، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا گرینگی پێبدرێت و کادری باش دروست کەن و بیانخەنە کار.

**ئەنجام**

١-زۆربەی خەڵك ،تا ئێستا نازانن بەتەواوی واتای راستەقینەی جینۆساید چییە و تەنیا واتا فەرهەنگییەکەی ئەزانن .

٢- مرۆڤ بەنرخترین بونەوەرە لەسەر روت ئەم پلانێتە،بەڵام بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر لە خودی مرۆڤەکان خۆیان ئاگایان لەم راستییە نییە ولەسەر بناغەی ئەم راستییەش هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆیان ناکەن .

٣- جینۆساید قێزەوەندترین کارەساتە بەسەر مرۆڤ ئەهێنرێت ،و نامرۆڤانەترین کارە کە وڵاتە زلهێزەکەن بەسەر میللەتە دواکەوتوە بێهێزەکاندا ئەسەپێنن تەنیا لەبەر بەرژەوەندی خۆیان.

٤- زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی سەرزەوی کراوە بە پاساو بۆ جێبەجێکردنی تاوانی جینۆساید.

٥- سەرەتا جینۆساید زیاتر لە سنوری قەلاچۆکردن و پاکتاوکردنی کۆمەڵێك مرۆڤ لەروی بایۆلۆجییەوەدا بو.

٦-جینۆساید ،تەنیا لەناوبردی جەستەیی(بایۆلۆجی ) نییە ،بەڵکو دەیان و سەدان رێگەیتر هەیە بۆ ئە نجامدانی ئەم تاوانە .

٧- جینۆساید سەرتاسەری جیهان بونی هەیە ،بەڵام کاریگەری بەشێوەیوکی بەرچاو لەسەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست،بەتایبەتی ئەوانەی ئاستی رۆشنبیرییان زۆر نزمە ،دەردەکەوێت .

٨- جەنۆسایدی تەقلیدی لەماوەیەکی کورتدا زیاتر بە چەك ،ئەنجام دەدرێت ،بەڵام جینۆسایدی مۆدێرن بێچەك و درێژخایەنە و لە جۆری یەکەم کوشندەترە.

٩- جینۆسایدی مۆدێرن دوژمنی مرۆڤایەتی دەستیپێدەکات و مرۆڤە قوربانییەکان خۆیان بە پلانی دوژمن تەواوی دەکەن.

١٠-هەمو ئەندامانی کۆمەڵی قوربانی ،خوێندەوار و نەخوێندەوار ،خاوەن دەسەڵات و بێدەسەڵات ، دەوڵەمەند و هەژار

هەمو بەشدارن لە ئەنجامدانی ئەمجۆرە جینۆسایدەن ،جا بە ئاگا یان بێئاگا.

١١- تەنیا بە زانست و رۆشنبیری و هۆشیاری ،ئەتوانرێت بەرەنگاری ئەم کارەساتە بکرێت و مرۆڤ بەکەمترین زیان لێیدەرچێت .

**سەرچاوەکان**

١-انفال خالخالان،الانفال الرانع،ملا شاخی ،مطبعة الشهيد ،كركوك،٢٠٠١.و. نوزاد محمود حميد ،مطبعة الشهيد ازاد هورامی.

٢- عالم المعرفة،العلم و مشكلات الانسان المعاصر،زهير الكرمی فبراير ٢٠٠٠

٣-كارێكی ژەهراوی- ئەمەریكا و عێراق و گاز بارانی هەڵەبجە،یوست هێڵتەرمان،و. محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق.

٤- لەنێوان ژەهر و ئومێددا بۆ یادی هەڵەبجە، روخۆش علی ،سلێمانی ،چاپخانەی هاوار ،چاپی یەكەم،٢٠١٢ .

٥- ئاگا پرێس هەڵەبجە كوردستان Genocidewatch.net